**دووەم:**

**1- بەشی چاودێریی و وردبینی دارایی ناوخۆیی ، کە لەم هۆیانە پێکدێت:**

**أ- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری پارێزگاکان.**

**ب- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری هەرێم.**

**ج- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری کارگێڕیی.**

**د- هۆبەی چاودێریی و وردبینی ناوخۆیی بۆ کاروباری گەنجینەو کۆگاکان.**

**2- بەشی چاودێریی و وردبینی دارایی ناوخۆیی ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:**

**أ- بەدواداچوون و وردبینیکردنی چالاکیە کارگێڕی و داراییەکانی نوسینگەی هەرێم، پارێزگاکان و گەنجینەو کۆگاکان.**

**ب- پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و پێشنیازو ڕاسپاردە بەئەنجومەن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوون و پێشخستنی کارەکانی لەڕوی کارگێڕیی و داراییەوە بەشێوەیەکی مانگانەو لەکاتی پێویستدا.**

**ج- بەدواداچوونی ڕاپۆرتە جیاجیاکان کە ئاراستەیدەکرێن.**

**د- وردبینیکردنی سەرجەم گرێبەستەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی پێویست بەئەنجومەن لەو بارەیەوە.**

**ماددەی سێزدەیەم :**

**پەیوەندیی کارگێڕی هەڵبژاردن بەئەنجومەنی کۆمسیارانەوە بەم شێوەیە دەبێت:**

**یەکەم: کارگێڕیی هەڵبژاردنەکان دەزگایەکی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنە لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی ، سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن سەرۆکایەتی دەکات و بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی کۆمسیاران ، پابەندە بەئامادەکردنی نەخشەو پلان و هەڵسوڕاندنی کاروباری پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی، دوای پێشکەشکردنی بەئەنجومەن و پەسەندکردنی .**

**دووەم: دەبێت سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن دوو هەفتە جارێك ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی پێشکەش بەئەنجومەن بکات.**

**سێیەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران لەڕێگای سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردنەکانەوە لەگەڵ فەرمانگەکانی هەڵبژاردن دەدوێ .**

**چوارەم: سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن پابەندە بەپێدانی هەر زانیاریی و داتاو بەڵگەنامەیەك بەئەندامانی ئەنجومەن .**

**ماددەی چواردەیەم:**

**یەکەم: ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران مووچەو دەرماڵەیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت.**

**دووەم: فەرمانبەرانی کۆمسیۆن مووچەو دەرماڵەیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت.**

**ماددەی پازدەهەم:**

**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی کارەکانی شەفافانە بەپێی یاساو پێوەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان بەڕێوەدەبات، سەرجەم پەیڕەو و ڕێکارو بڕیارەکانی بڵاودەکاتەوە.**

**ماددەی شازدەیەم**

**ئەنجومەنی کۆمسیاران دوو جۆر یاداشت وەردەگرێت و دەیانخاتە بەرنامەی کارەوە:**

**یەکەم: یاداشتی ناوخۆیی، کە دوو جۆرن:**

**ئەو یاداشتانەی ، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە یان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی دیوانەوە پێشکەشدەکرێن.**

**دووەم: یاداشتی دەرەکیی: کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:**

**1- ئەو یاداشتنانەی ، کە لەلایەن هەر کەس و قەوارەیەکەوە بێت و پێشکەشی ئەنجومەن دەکرێن و پەیوەستن بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە، ئەگەرچی سکاڵاو تانەش بن. ئەم یاداشتانەش بەپێی پەیوەندیان ئاراستەدەکرێن.**

**2- ئەو یاداشتانەی، کە ئەندامانی ئەنجومەن وەك کەسی فەرمیی وەریدەگرن، پێویستە پێشکەش بە ئەنجومەنی بکرێن.**

**3- نابێت هیچ یاداشتێك لەهەمان ڕۆژی وەرگرتنیدا لەکۆبونەوەی ئەنجومەندا بۆ لێکۆڵینەوەی بخرێتەڕوو، جگە لەو حاڵەتانە نەبێت، کەپەیوەندیان بەسەرپێچی وادەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، پرۆسەی ڕۆژی دەنگدان و جیاکردنەوەوە هەیە.**

**ماددەی حەڤدەیەم**

**ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت.**

**هنــدرێن مــحمــد صــاڵح**
**ســەرۆکی ئە نجومەن**

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسیی**
**ئە نجومەنی کۆمسیاران**
**ژمارە :** 22 **لە** 2015/5/6

**پاڵپشت بەبڕگەی (دووەم)ی ماددەی (16) لەیاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی ژمارە (4)ی ساڵی 2014، بڕیارماندا ئەم پەیڕەوەی لای خوارەوە دەربکەین.**

**پەیڕەوی ژمارە** ( 2 )**ی ساڵی** 2015
**پەیڕەوی ناوخۆی کارگێڕی هەڵبژاردن**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: کارگێڕیی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیارێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە لە یەکەمیین کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆمسیاران بەدەنگی 2\3 ی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێت.**

**دووەم: سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن دوو یاریدەدەری دەبێت بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەم شێوەیە**

**1- یاریدەدەری سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن بۆ کاروباری هونەریی، کە بەدواداچوون بۆ کاروباری هونەری دەکات.**

**2- یاریدەدەری سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن بۆ کاروباری کارگێڕیی و دارایی کە بەدواداچوون بۆ کاروباری کارگێڕیی و دارایی دەکات.**

**سێیەم: لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن، ئەنجومەنی کۆمسیاران کۆمسیارێك ڕادەسپێرێت بۆ شوێنگرتنەوەی بەشێوەیەکی کاتیی.**

**ماددەی دووەم:**

**ئەرکەکانی سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن**

**یەکەم: ئەرکەکانی سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن ئەمانەن:**

1- بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەو پەیڕەو و ڕێنماییانە دەگرێتە ئەستۆ، کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە دەردەچن.

2- بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی، کە مۆرکی پرۆسەگێریی و جێبەجێکاریی و ڕێکارییان هەیە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان.

3- بەدواداچوونی کاروبارەکانی پێکهاتە کارگێڕیەکانی سەر بەکارگێڕیی هەڵبژاردنن.

4- جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بەکاری کۆمسیۆنەوە.

**دووەم: ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆی هەیە ئەم ئەرکانە بەکارگێڕی هەڵبژاردنەکان بسپێرێت:**

1- دامەزراندن و نوێکردنەوەو بژارکردنی تۆمارنامەی دەنگدەران بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی پارێزگاکان .

2- ڕێکخستن و تۆمارکردنی لیستەکانی قەوارە سیاسیەکان، هەڵبژاردنەکان، هاوپەیمانێتیەکان و پاڵێوراوان بەمەبەستی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا.

3- متمانەدان بەبریکارانی لیستەکانی هەڵبژاردن، چاودێران، ڕاگەیاندنکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسیی.

**ماددەی سێیەم:**

**فەرمانگەکانی کارگێڕیی هەڵبژاردن**

**کارگێڕیی هەڵبژاردن لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێکدێت و هەر فەرمانگەیەك لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوە دەبرێت، کە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.**

1- فەرمانگەی کارگێڕیی.

2- فەرمانگەی دارایی.

3- فەرمانگەی کردارەکان.

4- فەرمانگەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن.

5- فەرمانگەی داتاکان.

6- فەرمانگەکانی پارێزگاکان.

**ماددەی چوارەم:**

**بەشەکانی پەیوەست بە کارگێڕیی هەڵبژاردنەوە**

ئەم بەشانە پەیوەستن بە كارگێڕی هەڵبژاردنەوە:

یەكەم: بەشی كەمكردنەوەو گرێبەستەكان.

1- بەشی كەمكردنەوەو گرێبەستەكان لەم دوو هۆبەیە پێكدێت:

أ- هۆبەی هاوردەو دابینكردنی پێداویستیەكان.

ب- هۆبەی گرێبەست و كەمكردنەوەكان.

2- بەشی كەمكردنەوەو گرێبەستەكان ئەم ئەركانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- ئامادەكردنی بەڵگەنامەی كەمكردنەوەكان و داڕشتن و ڕاگەیاندنیان بەزمانەكانی ( كوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ) و بەپێی ئەو ئەدگارانەی، كە لەفەرمانگەی تایبەتمەند بەو كارەوە دیاری كراون .

ب- ئامادەكردنی گرێبەست و بەدواداچوونی جێبەجێكردنی لەگەڵ لایەنی دووەم.

ج- بەدواداچوون بۆ شێوازی خەرجكردنی شایستەییە داراییەكان بەپێی گرێبەستەكان.

دووەم: بەشی وردبینی و بەدواداچوون

1-بەشی وردبینی و بەدواداچوون لەم هۆبانە پێكدێت:

أ- هۆبەی وردبینی دارایی نوسینگەی هەرێم.

ب- هۆبەی وردبینی دارایی پارێزگاكان.

ج- هۆبەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.

2-بەشی وردبینی و بەدواداچوون ئەم ئەركانە لەئەستۆدەگرێت.

أ- وردبینی چالاكیە داراییەكانی نوسینگەی هەرێم و پارێزگاكان.

ب- هەر ئەركێكی تری تایبەت بە وردبینی دارایی ، كە ئاراستەی دەكرێت.

ج-وردبینی و بەدواداچوونی ڕاپۆرتە جیاجیاكان ، كە ئاراستەی دەكرێت.

د-كۆكردنەوەی ڕاپۆرتە بەراییەكانی ، كە لەلایەن نوسینگەی هەرێم و پارێزگاكانەوە پێشكەشی دەكرێت.

هـ- پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی بەدواداچوون سەبارەت بە پێویستیەكانی نوسینگەكانی هەڵبژاردن و كاری لیژنە پێكهاتووەكانی نوسینگەی هەرێم.

و-بەدواداچوونی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی ئەنجومەنی كۆمسیاران، كەتایبەتن بەكارگێڕی هەڵبژاردن.

ز- هەڵسەنگاندنی کاری فەرمانبەرانی کارگێڕی هەڵبژاردن و ڕادەی پەیوەست بوونیان بەکارەکانیانەوە، بەو شێوەیەی کە لێیان داواکراوە.

سێیەم: بەشی ئاسایش

1-بەشی ئاسایش لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- ئاسایش و ناسنامەکان .

ب- پێشوازی .

2-بەشی ئاسایش ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- دابینکردنی ئاسایش بۆ فەرمانبەران لەسەرجەم نوسینگەکانی کۆمسیۆندا.

ب-دابینکردنی ئاسایش بۆ سەرجەم باڵەخانەکانی نوسینگەکانی پەیوەست بەکاری کۆمسیۆنەوە.

ج- دەرکردنی ناسنامەی تایبەت بەفەرمانبەران.

د- یاوەریی وەفدو میوانان و دابینکردنی ئاسایش بۆ کۆڕو کۆبونەوەو کۆنفرانسەکانی کۆمسیۆن.

چوارەم: بەشی یاسایی

1- بەشی یاسایی لەم هۆبانە پێکدێت:

أ- هۆبەی داواکان و بەدواداچوون.

ب- هۆبەی ڕاوێژکردن.

ج- هۆبەی لێکۆڵینەوەکان.

2- بەشی یاسایی ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- بەدواداچوونی یاساو پەیڕەو و ڕێکار و ڕێنماییەکانی، پەیوەست بەکاری کۆمسیۆنن.

ب- نوێنەرایەتیکردنی کۆمسیۆن لەبەردەم دادگادا، پاش ڕاسپاردنی لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە.

ج- پێشکەشکردنی پێشنیازو بیروڕاو سەرنج و ڕاوێژی یاسایی لەو بابەتانەدا، کە ڕوبەڕووی دەکرێتەوە

د- بەشداریکردن لەلیژنەکانی لێکۆڵینەوەدا.

هـ- ڕاستاندنی گرێبەست و لەخۆگرتن (کفالە)تەکان بەپێی یاسا.

و- هەماهەنگی لەگەڵ بەشی یاسایی فەرمانگەی پارێزگاکان.

ماددەی پێنجەم:

فەرمانگەی کارگێڕیی

فەرمانگەی کارگێڕیی: لەم بەشانە پێکدێت:

یەکەم: بەشی بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی

1- بەشی بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی لەم هۆبانە پێکدێت:

أ- هۆبەی کاروباری فەرمانبەران.

ب- هۆبەی خانەنشینیی.

ج- هۆبەی پلانی کارگێڕی و سامانی مرۆیی.

د- هۆبەی پۆستی ئەلیکترۆنیی.

هـ- هۆبەی هاتوو دەرچوو.

و- هۆبەی دۆسیەی کەسێتی.

2- بەشی بەڕێوەبردنی سامانی مرۆیی ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- پێشکەشکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بەپلانی سامانی مرۆیی و جموجوڵ و چالاکی و پێویستی کۆمسیۆن بە کەسی دیاریکراو بۆ پۆستە بەتاڵەکان .

ب- ئامادەکردن و دەرکردنی نوسراوی ناوخۆیی و دەرەکیی و ئەرشیفکردنیان.

ج- بەدواداچوونی کارە کارگێڕیەکان و ڕێکخستن و نوێکردنەوەی تۆمارو دۆسیەی کارمەندانی کۆمسیۆن و ئەرشیفکردنیان.

د- بەدواداچوونی پۆستی خولاو تایبەت بەفەرمانگەو پێکهاتە کارگێڕیەکانی کۆمسیۆن.

هـ- بەجێهێنانی ڕێکارە یاساییەکانی، پەیوەستن بەخانەنشینی فەرمانبەران.

و- بەرزکردنەوەی پلەو سەرمووچە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

دووەم: بەشی بنیادنانی توانا مرۆییەکان

1- بەشی بنیادنانی توانا مرۆییەکان لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی هۆشیاری هەڵبژاردن.

ب- هۆبەی ڕاهێنان و گەشەپێدان.

2- بەشی بنیادنانی توانا مرۆییەکان ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- دانانی پلانی گەشەپێدانی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن و پەرەدان بەتواناو لێهاتنەکانی تایبەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی کاریگەر.

ب- دۆزینەوەی پرۆگرامی گەشەپێدانی بواری هەڵبژاردن بۆ پێشکەشکردنی بە بەشەکانی کۆمسیۆن، کە پەیوەستن بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ج- سەرپەرشتیکردنی پرۆگرامە تایبەتمەندەکانی ڕاهێنان لەبواری هەڵبژاردندا.

د- بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی بلاۆکردنەوەی هۆشیاری هەڵبژاردن.

ه- ڕێکخستنی بنکەی زانیاریی تایبەت بەچالاکیەکانی ڕاهێنانی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن.

و- جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لەبواری کارگێڕیی و هونەریدا.

ز- کردنەوەی کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ سەنتەرەکانی توێژینەوە بۆ سودوەرگرتن لەزانیاریەکانیان.

ح- هەماهەنگی بۆ ئامادەکردنی خولی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی تایبەت بەکۆمسیۆن.

ط- ئامادەکردنی کادری تایبەتمەندی کۆمسیۆن بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی نێودەوڵەتی.

ي- بەڕێوەبردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی نێودەوڵەتی بۆ لێهاتوویە گشتیەکان و تواناکانی هەڵبژاردن.

ك- هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوو دەزگاو زانکۆکانی جیهاندا ، بەتایبەت ئەوانەی گرنگی بەبواری هەڵبژاردن دەدەن ، بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆگرامی نێودەوڵەتیی و هاوکاریکردنی هەڵبژاردن.

سێیەم: بەشی بەڕێوەبردنی کۆگاکان

1- بەشی بەڕێوەبردنی کۆگاکان لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی کەرەستەی فەرمانگەیی.

ب- هۆبەی کەرەستەکانی هەڵبژاردن.

2- بەشی بەڕێوەبردنی کۆگاکان ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- پشکنینی کەلوپەلە وەرگیراوەکان، بەمەبەستی داخلکردنیان لە کۆگادا و دڵنیابوون لەوەی کە هاوشێوەی ئەوەیە کە داواکراوە، لەگەڵ دیاریکردنی بەسەرچووەکان و ئەوانەی هاوشێوەی داواکراوەکان نیین.

ب- وەرگرتنی ئەو کەلوپەلانەی، کە پشکنینیان بۆ کراوەو هەڵگرتنی کۆگاییان بۆ دەکات.

ج- ئامادەکردنی تۆماری هاتوو و دەرچوو بەشێوەیەکی یاسایی بۆ ئەو کەلوپەلانەی لەکۆگادان و سەرفکردنیان بەپێی پێویست.

چوارەم: بەشی خزمەتگوزاریی و گواستنەوە

1- بەشی خزمەتگوزاریی و گواستنەوە لەم هۆبانە پێکدێت:

أ- هۆبەی چاککردن و نۆژەنکردنەوە.

ب- هۆبەی کارگوزاری.

ج- هۆبەی گواستنەوە.

2- بەشی خزمەتگوزاری و گواستنەوە ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ نوسینگەکانی سەر بەئەنجومەنی کۆمسیاران و کارگێڕی هەڵبژاردن.

ب-پاکردنەوەو چاکردنەوەی ئامێرەکانی نوسینگەکانی ، سەر بەئەنجومەنی کۆمسیاران و کارگێڕی هەڵبژاردن .

ج- بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کاری ئۆتۆمبیلەکانی، سەر بەئەنجومەنی کۆمسیاران و کارگێڕی هەڵبژاردن و چاککردنەوەیان.

د- گواستنەوەی فەرمانبەران و کەلوپەل و پێویستیەکانی کۆمسیۆن لەنێوان فەرمانگەو پارێزگاو کۆگاکاندا، بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و بەشە پەیوەندیدارەکاندا.

**پێنجەم: بەشی تەکنەلۆژیای زانیاریی و وەرگێڕان**

1- بەشی تەکنەلۆژیای زانیاریی و وەرگێڕان لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی تەکنەلۆژیای زانیاریی.

ب- هۆبەی وەرگێڕان.

2- بەشی تەکنەلۆژیای زانیاریی و وەرگێڕان ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- دابینکردنی تۆڕی ئەنتەرنێت و زانیاریی لەنێوان کۆمسیۆن و ئۆفیسەکانی تری، سەر بەئەنجومەنی کۆمسیاران و کارگێڕی هەڵبژاردنن.

ب- دابینکردنی خزمەتگوزاریی و هاوکاریی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەرو بەدواداچوون و چاکردنەوەی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی نێوان نوسینگەکانی کۆمسیۆن.

ج- سەرپەرشتیکردنی ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو چاپکەرو لەبەرگرەوەو کامێراو لاپتۆپ و ئامێرەکانی هاوشێوەیان.

د- وەرگێڕانی دەسبەجێی ڕاستەوخۆ.

هـ- وەرگێڕانی نوسینەکی.

**ماددەی شەشەم:**

**فەرمانگەی دارایی**

فەرمانگەی دارایی: لەم بەشانە پێکدێت:

یەکەم: بەشی مووچە

1-بەشی مووچە لەم دوو هۆبەیە پێك دێت:

أ- هۆبەی مووچەی نوسینگەی هەرێم.

ب- هۆبەی مووچەی نوسینگەی پارێزگاکان.

2-بەشی مووچە ئەم دوو ئەرکە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- دابەشکردنی مووچە و کرێ و پاداشت.

ب- ڕێکخستنی تۆماری تایبەت بەمووچە و پاراستنیان.

دووەم: بەشی بودجە

1-بەشی بودجە لەم هۆبانە پێکدێت:

أ- هۆبەی بودجەو تەرخانکردن.

ب-هۆبەی پێشینەو تۆمارەکان.

ج- هۆبەی پرۆژەی وەبەرهێنان.

2-بەشی بودجە ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- ئامادەکردنی بودجەی خەملێنراو بۆ ساڵی دارایی، پاش کۆکردنەوەی داتاو زانیاریی لەسەرجەم نوسینگەکانی کۆمسیۆن و ڕێکخستنی و دانانی بەو شێوەیەی، کە لەدەرخستەی بودجەدا داواکراوە.

ب- جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی بودجەی هەرێم.

ج- دانانی تۆماری ژمێریاریی و داخلکردنی سەرجەم شیکاریە دەرچووەکانی تۆمارە لاوەکیەکانی تر.

د- ئامادەکردنی بودجەی مانگانەو پیداچونەوەو هاوتاکردنی.

هـ- بەدواداچوونی تەرخانکراوە داراییەکان و هەر گۆڕانکاریەك، کە تێیدا ڕوودەدات.

سێیەم: بەشی ژمێریاری

1-بەشی ژمێریاری لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی نوسینگەی هەرێم.

ب- هۆبەی نوسینگەی پارێزگاکان.

2-بەشی ژمێریاری ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- ئامادەکردنی ڕەشنووسی بودجەی ئاسایی بەهاوبەشیی لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکاندا بۆ ئامادەکردنی بودجەی تایبەت بەچالاکیەکانی هەڵبژاردنی سەرجەم نوسینگەکانی هەڵبژاردن.

ب- جێبەجێکردنی بودجەی ئاسایی یان هەڵبژاردن بەشێوەیەك ئاسانکاری بۆ لایەنی دارایی و ژمێریاریی و ڕێکخستنی نوسینگەکانی هەڵبژاردن بکات.

ج- سەرپەرشتیکردنی ڕاستەوخۆی تۆماری لەئەستۆ بوون و شیکردنەوەی تێچوونە کۆتاییەکانی سەرجەم نوسینگەکانی هەڵبژاردن.

**ماددەی حەوتەم:**

**فەرمانگەی کردارەکان**

**فەرمانگەی کردارەکان: لەم بەشانە پێك دێت:**

**یەکەم: بەشی ڕێکارەکان و ڕاهێنان**

1- بەشی ڕێکارەکان و ڕاهێنان لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی ڕێکارەکان و بەدواداچوون.

ب- هۆبەی ڕاهێنان.

2- بەشی ڕێکارەکان و ڕاهێنان ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- ئامادەکردنی ڕێکارە جۆراوجۆرەکانی، پەیوەستن بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

ب- ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان.

ج- ئامادەکردنی فۆرمی تایبەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن.

د- ڕاهێنانی ڕاهێنەرانی نوسینگەی هەرێم و نوسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکان و کارمەندانی گرێبەست ، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی توانا مرۆییەکانی فەرمانگەی کارگێڕییدا.

هـ- بەدواداچوونی ڕاهێنانی فەرمانبەرانی ناوەندەکانی تۆمارکردن.

**دووەم: بەشی هەماهەنگی و هاوکاری مەیدانی و ئاسایش**

1- بەشی هەماهەنگی و هاوکاری مەیدانی و ئاسایش لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی هەماهەنگی و هاوکاری مەیدانی.

ب- هۆبەی هەماهەنگی ئاسایش.

2- بەشی هەماهەنگی و هاوکاری مەیدانی و ئاسایش ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- هەماهەنگی کردن لەگەڵ سەرجەم بنکەکانی ئاسایشدا بۆ دابینکردنی ئاسایشی پێویست بۆ نوسینگەی پارێزگاکان و ناوەندەکانی تۆمارو دەنگدان و هەر ناوەندێکی تری پەیوەست بەکاری کۆمسیۆنەوە.

ب- بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی ئاسایشیی تایبەت بەپرۆسەکانی هەڵبژاردن.

ج- وەرگرتنی ڕاپۆرتی ڕۆژانە ، هەفتانەو مانگانە لەنوسینگەی پارێزگاکان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئاسایشی پێویست.

د- هەماهەنگی مەیدانی لەپرۆسەی تۆماری دەنگدەران و دەنگدان لەڕێی ناردن و وەرگرتنەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بەپرۆسەکانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی دابەشبوونی جوگرافیی ناوەندەکانی دەنگدان.

هـ- دیاریکردنی پێداویستەکان بۆ ئامادەسازی ناوەندەکانی تۆمارو دەنگدان.

و- هەماهەنگی لەگەڵ نوسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا.

سێیەم: بەشی لۆجستیی و گواستنەوە

1- بەشی لۆجستیی و گواستنەوە لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی کەلوپەل و گواستنەوەی لۆجستیی.

ب- هۆبەی پلاندانان و بەدواداچونی لۆجستیی.

2- بەشی لۆجستیی و گواستنەوە ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- دانانی پلانی پێویست بۆ گواستنەوەو دەستەبەرکردنی کەلوپەلەکانی هەڵبژاردن.

ب- بەشداریکردن لەدەستنیشانکردنی ڕێگای گونجاودا بۆ دەستەبەرکردنی کەلوپەلەکانی دەنگدان لەناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

ج- دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ پاراستنی کەلوپەلەکانی دەنگدان و کۆنترۆڵکردنی جوڵەی کەلوپەلەکان و دابەشکردن و گەڕاندنەوەیان بەپێی شوێنی جوگرافیان.

ماددەی هەشتەم:

فەرمانگەی پەیوەندی و ڕاگەیاندن

فەرمانگەی پەیوەندیی و ڕاگەیاندن لەم بەشانە پێکدێت:

یەکەم: بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندیە گشتیەکان

1- بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندیە گشتیەکان لەم هۆبانە پێکدێت:

أ- هۆبەی هۆشیاری هەڵبژاردن.

ب- هۆبەی زانیاری و چاودێریی میدیایی.

ج- هۆبەی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی و بڵاوکراوەکان .

د- هۆبەی پەیوەندیەکان.

هـ- هۆبەی چاودێران.

2- بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندیە گشتیەکان ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- ئامادەکردن و دابینکردنی ناوەرۆکی پلانی ڕاگەیاندن بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن.

ب-هەماهەنگی لەگەڵ نوسینگەی پارێزگاکان بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی پلانی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان.

ج- هەماهەنگی لەگەڵ میدیاکان و ئاگادارکردنیان لەچالاکیەکانی کۆمسیۆن.

د- ڕێکخستنی دیدارو پرۆگرام و کۆنفرانسی تایبەت بەچالاکیەکانی کۆمسیۆن.

هـ- ئامادەکردنی ڕۆژانەی ڕاپۆرتی بەدواداچوون و ڕوانگەکاری میدیایی و دانانی ئەرشیفی ڕۆژنامەوانیی و زانیاریی.

و- بەڕێوەبردن و تازەکردنەوەی ماڵپەڕی کۆمسیۆن و بڵاوکراوەکانی و گەشەپێدانی.

ز- ئامادەکردنی ڕاپۆرت و زانیاری و داتای پێویست لەچواچێوەی کاری میدیاییدا.

ح- کردنەوەی کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و دروستکردنی پەیوەندی کاریگەر لەگەڵیاندا.

دووەم: بەشی قەوارە سیاسیەکان

1- بەشی قەوارە سیاسیەکان لەم هۆیانە پێکدێت:

أ- هۆبەی تۆماری قەوارە سیاسیەکان.

ب- هۆبەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.

ج- هۆبەی کاراکردنی پابەندبوونەکان.

2-بەشی قەوارە سیاسیەکان ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- دانانی ڕێکاری تایبەت بەتۆمارکردن و ڕاستاندنی قەوارەو هاوپەیمانێتیە سیاسیەکان و پاڵێوراوەکانیان و سەپەرشتی جێبەجێکردنیان.

ب- لێکۆڵینەوە لەبارەی شایستەیی پاڵێوراوەکان.

ج- ئامادەکردنی بنکەیەکی زانیاریی تەواوی تایبەت بەقەوارەکان و هاوپەیمانێتی و پاڵێوراوەکانیان.

د- ئامادەکردنی دیدارو کۆنفرانسی ئاراستەکراو بۆ قەوارەکان سەبارەت بەڕێکارو یاساکانی کۆمسیۆن

هـ- دانانی ڕێکاری هەڵبژاردنی ژمارەی قەوارە سیاسیەکان و ڕاستاندنیان.

و- تۆمارکردنی بریکاری قەوارە سیاسیەکان و چاودێران و میدیاکاران.

سێیەم: بەشی دیزاین

1- بەشی دیزاین، لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی دیزاینی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

ب- هۆبەی دیزاینی کردارەکی.

2-بەشی دیزاین ئەم دوو ئەرکە لەئەستۆدەگرێت:

أ- ئامادەکردنی دیزاینی تایبەت بەکارەکانی کۆمسیۆن.

ب- دانانی ئەدگارە هونەریەکانی تایبەت بەپەڕەی دەنگدان.

**ماددەی نۆیەم:**

**فەرمانگەی داتاکان**

فەرمانگەی داتاکان لەم بەشانە پێکدێت:

یەکەم: بەشی کارگێڕیی

1-بەشی کارگێڕی لەم هۆبانە پێکدێت:

أ- هۆبەی توانامرۆییەکان.

ب- هۆبەی خزمەتگوزاری.

ج- هۆبەی چاودێران و بریکاران و ڕاگەیاندنکاران.

2-بەشی کارگێڕی ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

أ- پێشکەشکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بەپلانی سامانی مرۆیی و جموجوڵ و چالاکی و پێویستی فەرمانگەی داتاکان بەکەسی دیاریکراو بۆ پۆستە بەتاڵەکان.

ب- ئامادەکردن و دەرکردنی نوسراوەکانی تایبەت بەفەرمانگەی داتاکان و ئەرشیفکردنیان.

ج- بەدواداچوونی کارە کارگێڕیەکان و ڕێکخستنی تۆمارو دۆسیەی کارمەندانی گرێبەستی فەرمانگەی داتاکان و ئەرشیفکردنیان.

د- ڕێکخستنی کاری چاودێران و بریکاران و ڕاگەیاندنکاران بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندیی و ڕاگەیاندن.

هـ- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دابینکردنی پێویستیەکانی فەرمانگەی داتاکان.

دووەم: بەشی تەکنیکی و هونەری

1- بەشی تەکنیکی و هونەری لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی تەکنەلۆژیای زانیاری.

ب- هۆبەی پرۆگرامسازیی و شیکردنەوەی سیستەمەکان.

2- بەشی تەکنیکی و هونەری ئەم دوو ئەرکە لەئەستۆدەگرێت:

أ- دیزاینکردنی سەرجەم سیستم و بنکەی زانیاری تایبەت بە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و شیکردنەوەو دانانی پلانی درێژخایەن بۆ گەشەپێدان و پێش خستنیان.

ب-ئامادەکردنی پرۆگرامی داخلکردنی داتاکان.

سێیەم: بەشی تۆماری دەنگدەران

1- بەشی تۆماری دەنگدەران لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- هۆبەی بەڕێوەبردنی داتاکان.

ب- هۆبەی داخلکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

2-بەشی تۆماری دەنگدەران ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- داخلکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و وردبینیکردنی.

ب- سەرپەرشتیکردنی تازەکردنەوەو ئامادەکردنی تۆماری تایبەت بەزانیاری دەنگدەران لەناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ج- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگە تایبەتمەندەکانی بواری ئامار.

د- بەشداریکردنی لەئامادەکردنی فۆرمی تازەکراوەی تۆماری دەنگدەران.

ھ- دەوڵەمەندکردنی فەرمانگەکانی کۆمسیۆن بەپێدانی سەرجەم ڕاپۆرتەکانی پەیوەست زانیاری لەسەر دەنگدەران.

و- هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی تر سەبارەت بەدیزاینی بنکەی زانیاری دەنگدەران و شیکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ پرۆسەی دەنگدان.

چوارەم: سەنتەری وەرگرتن و هەژمارکردنی داتاکان

1-سەنتەری وەرگرتن و هەژمارکردنی داتاکان، لەم دوو هۆبەیە پێکدێت:

أ- وەرگرتن و بەئەرشیفکردن.

ب- داخلکردنی داتاکان و وردبینی.

2-سەنتەری وەرگرتن و هەژمارکردنی داتاکان ئەم ئەرکانە لەئەستۆدەگرێت:

أ- وەرگرتنی فۆرمەکانی ناوەندەکانی دەنگدان و زانیاریە پەیوەستەکانی.

ب-داخلکردنی داتاکانی سەر فۆرمی ئەنجامی دەنگدانی وێستگەکانی دەنگدان.

ج- داخلکردنی داتاکانی سەر فۆرمی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

د- هەر کارێکی تر، کە لەسنوری تایبەتمەندیدا پێی بسپێردرێت.

3- کاروباری سەنتەری وەرگرتن و هەژمارکردنی داتاکان لەڕۆژی دەنگداندا لەلایەن سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە سەرپەرشتیدەکرێت.

**ماددەی دەیەم:**

**فەرمانگەی پارێزگاکان**

**یەکەم:** بارەگای سەرەکی کۆمسیۆن لەپارێزگای هەولێری پایتەخت دەبێت و بەپێی پێویست فەرمانگەو نوسینگەکانی خۆی لەناوەندی پارێزگاکان و یەکە ئیداریەکان دەکاتەوە.

**دووەم:**

1- فەرمانگەی پارێزگا لەلایەن فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەدەبرێت ، کە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.

2- بەڕێوەبەری فەرمانگەی پارێزگا یاریدەدەرێکی دەبێت بەپلەی (یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی)، کە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.

3- بەشەکان لە فەرمانگەی پارێزگا فەرمانبەرێك سەرپەرشتیدەکات بەپلەی بەڕێوەبەر، کە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت.

**سێیەم:** فەرمانگەی پارێزگا لە دوو بەش پێك دێت:

1- بەشی کارگێڕی، ئەم هۆبانە لەخۆدەگرێت:

أ- هۆبەی سامانی مرۆیی.

ب- هۆبەی دارایی.

ج- هۆبەی وردبینی.

د- هۆبەی یاسایی و قەوارە سیاسیەکان.

هـ- هۆبەی خزمەتگوزاریی و ئاسایش.

و- هۆبەی تەکنەلۆژیای زانیاری.

2- بەشی هونەری ، ئەم هۆبانە لەخۆدەگرێت:

أ- هۆبەی ڕاهێنان.

ب- هۆبەی پەیوەندیی و ڕاگەیاندن.

ج- هۆیەی بەڕێوەبردنی داتاکان.

د- هۆیەی لۆجستیی و گواستنەوەی کەلوپەلی هەڵبژاردن.

چوارەم: فەرمانگەی پارێزگاکان ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرن:

1- هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی داتاکان سەبارەت بەنوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

2- جێبەجێکردنی یاساو پەیڕەو و ڕێکارو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن.

3- جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەپارێزگاکەداو ڕاهێنانی فەرمانبەرەکانی تۆمارو دەنگدان.

4- جێبەجێکردنی پلانی تایبەت بەهۆشیاریی هەڵبژاردن و ئامادەکردنی پلانی ناوخۆیی پەیوەست بەخۆی لەسەر ئاستی پارێزگاکە.

5- لێکۆڵینەوەو گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پەیوەست بەلادان و سەرپێچیەکانی فەرمانبەرانی نوسینگەکەی.

6- لێکۆڵینەوە لەو لادان و سەرپێچیانەی، لەهەڵبژاردنەکاندا ڕویانداوە، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەنوسینگەی هەرێم.

7- تۆمارکردنی قەوارە سیاسیەکان و پاڵێوراوان و متمانەدان بەچاودێرو بریکارو میدیاکاران بەپێی ئەو ڕێکارانەی ڕاستاندنیان بۆ کراوە.

8- بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی هەفتانەو مانگانەو وەرزی پەیوەست بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاری نوسینگەکەی.

9- جێبەجێکردنی پلانی پەیوەست بەبنیادنانی تواناکانی فەرمانبەران.

**ماددەی یازدەیەم:**

**یەکەم:** دەسەڵاتە دارایی و کارگێڕیەکانی سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن، کە لەم پەیڕەوی ناوخۆییەدا ئاماژەی پێنەکراوە، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی کۆمسیاران ڕێکدەخرێت.

**دووهەم:** دەسەڵاتە دارایی و کارگێڕیەکانی فەرمانگەی پارێزگاکان ، کە لەم پەیڕەوی ناوخۆییەدا ئاماژەی پێنەکراوە ، بەپێی بڕیاری سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن ڕێکدەخرێت.

**سێهەم:** کارگێڕی هەڵبژاردن کۆبونەوەی ئاسایی دەبێت لەگەڵ بەرپرسی فەرمانگەکانی سەر بە کارگێڕیی هەڵبژاردن ، هەموو سێ مانگ جارێك.

**ماددەی دوازدەیەم:**

سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن نەخشەی کاری تایبەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی پێشکەش بەئەنجومەنی کۆمسیاران دەکات، بەلانی کەم **180** ڕۆژ بەر لەوادەی هەڵبژاردن و ڕاپرسیەکان ،

دەبێت ئەنجومەنی کۆمسیاران لەماوەی کەمتر لە 30 ڕۆژدا وەڵامی کارگێڕی هەڵبژاردنەکان بداتەوە سەبارەت بەنەخشەی کارەکەی، بەپێچەوانەوە نەخشەکە بەبەرکار دادەنرێت.

**ماددەی سیازدەیەم:**

پێویستە سەرجەم فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی باڵای سەبەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی لەکاتی دامەزراندنیاندا واژۆ لەسەر بەڵێننامەی بنەما ڕەفتاریەکان بکەن، کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە ئامادە دەکرێت.

**ماددەی چواردەیەم:**

سەرۆکی کارگێڕیی هەڵبژاردن بۆ ڕاییکردنی کارە کارگێڕیەکانی بۆی هەیە هەر ئەرکێك بەفەرمانبەرانی فەرمانگەو بەش و هۆبەکان بسپێرێت، کە لەم پەیڕەوەدا ئاماژەی پێنەدراوە.

**ماددەی پازدەیەم:**

**یەکەم** : دەبێت سەرۆکی کارگێریی هەڵبژاردنەکان لە پاش (30) رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی (هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان) دوایین راپۆرتی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەکان و راپرسیەکان پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمسیاران بکات .

**دووەم** : دەبێت سەرۆکی کارگێریی هەڵبژاردنەکان لە پاش (180) رۆژ لە مێژووی پەسەندکردنی ئەنجامی ( هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان ) راپۆرتی دارایی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمسیاران بکات .

**ماددەی شازدەیەم:**

ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان)دا کاری پێدەکرێت.

**هندرێن محمد صالح**
**سەرۆکی ئەنجومەن**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە :** 6115 **لە** 2015/4/20

لەسەر بنەمای ماددەکانی (88) و (89) و (105) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (89)ی ساڵی 1981ی هەموارکراو ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکردووە:

**ڕێنمایی ژمارە ( 2 )ی ساڵی 2015**